الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# سیاسەتی گرتن و گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران سیاسەتێکی دژ ئینسانی یەوە پێویستە رابگیرێ

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەماوەی ئەم هەفتەیەدا ژمارەیەك لەپەنابەری كوردی عیراقی لەكاتی چوون بۆ ئمیزاكردن دەستگیر كردوە لەشارەكانی مانچستەر،نوتین هام ،هال،بەرمنگهام ،دۆنكاسەر لەگرتووخانە دەست بەسەرەكان و بنكەكانی پۆلیس راگیرون و بەپیَ هەواڵەكان بریارە بەپێچەوانەی خواستی خۆیان رۆژی 27 ئەم مانگە بەزۆر رەوانەی كوردستان بكرێنەوە.

ئەم هەنگاوەی دەولەتی بەریتانیا لەكاتیكدایە كە عیراق لەگەڵ ترسناك ترین و مەترسی دارترین باردۆخ دا بەروو رووە لەشەری تایفی و مەزهەبی ،نەمانی ئەمنیتو ئاسایش تیرۆر و كوشت وكوشتار و میلیتارزمێك كە ئەمریكاو بەریتانیا بەریان خستووە هیچ سەلامەتی و ئاسایشێكی لەبەردەم خەڵكی عیراقدا نەهیشتووە ،بەهۆی ناكامی سیاسەتەكانیان ئەم جارە ریگای هیناوەی بەعسەیەكا نو رازی كردنی دڵی ئیسلامی سیاسی وتاوان بارەكانیان گرتۆتە بەر ئەوەتا زیاتر لە 21 هەزار سەربازی تری ئەمریكا بۆ عیراق رەوانە دەكەن وگەرەكیانە ستراتیجیكی تری خۆیناوی لەعیراقدا تاقی دەكەنەوە.

كوردستان بیٚ پریشك نی یە لەو وەزعیتە ناهەموار و نارامی یەی لەعیراقدا هەیە. سەرەرای ئەوەی كە وەزعیتی نادیاری و هەڵواسراوی كوردستان بۆتەمایەی دلەراوكی و راگیرانی خەڵك بەدیار شەرو پیكدادانی ئەمریكا ونەیارانیەوە، هاوكات مەترسی گیرانەوەی كوردستان و ئیلحاق كردنەوەی بە دەولەتی عیراقەوە، كەپیناسەی قەومی وئیسلامی كراوە بە بەردا، راستەوخۆ راكیشانی خەڵكی كوردستانە بۆ نیو ئایندەیەكی تاریك وخوێناوی.

ئەم هەنگاوەی دەولەتی بەریتانیا لەكاتیكدایە كە ( UN) نەیتوانی وە لەراپۆرتی دەورەی خۆییدا چاو لە ناجگیری و نائارامی نارەزایەتی یەكان دژ بەگەندەڵی بپۆشیٚ ئێمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی هەمیشە ئەو راستی یانەمان بەگوٚی ئەم دەولەتەوە و پەرلەمانتارەكانو یەكیتی ئەوروپادا داوە كە سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد خزمەت بەخەڵكی كوردستان ناكات هەنگاوێكی پێچەوانەیە بەحلی كیشەی خەڵكی كوردستان و داوامان لێكردون دەست لەم سیاسەتە هەڵگرن .

بەلاٚم دەولەتی بەریتانیا نایەوێت كیشەی پەنابەران بەرێگایەكی دروست و ئینسانی حل بكات پەنای بردوە بۆ ریكەوتنی شارەوە و نهینی لەگەڵ حكومەتی عیراق و دەسەلاتداران لە كوردستان وبەم هۆیەشەوە توانیویەتی تا ئیستا 49 پەنابەری كورد بەكەلەپچەو جلو بەرگ و فرۆكەی سەربازییەوە رەوانەی كوردستان بكاتەوە.

ئێمە ریگا نادەین پەنابەرانی كوردستان ببنە قوربانی سیاسەتی دیپۆرت وناردنەوەی بەزۆر، ئەم جارە ریگای بەدەستەوەگرتنی شەقامەكان و دەربرینی نارەزایەتی جۆراوجۆر بەهاتنە مەیدانی پەنابەران وپشتیوانی و هاوكاری خەڵكی ئازادی خوازی بەریتانیاو رێكخراوە پەنابەری و ئینسانی یەكان دەگرینە بەر. بیگومان هیزی جەماوەری و یەكگرتوو وریكخراوی پەنابەران لەدەوری خواستە رۆشنەكانی خۆیان و هەروەها بەراكیشانی خەلكی ئازادخوازی بەریتانیاو لایەنەكان ئەتوانین نەك هەر سیاسەتی دیپۆرتكردنەوە پوچەلێ بكەینەوە، بەڵكو خواستەكانی پەنابەرانیش مسۆگەر بكەین.

سەركەوتن بۆ ئێمەیە ، بەتەواوی تواناوە دژ بەم سیاسەتە دژ ئینسانی یە دەولەتی بەریتانیا رادەوستین و وەك لایەنیكی مسول بەرامبەر پەژیان و چارەنووسی پەنابەران دریژە بەخەباتی خۆمان دەدەین.

**سەركەویٚ خەباتی یەكگرتووی ریزەكانی پەنابەران**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-1-18

**بۆ پەیوەندی بە سكرتاریتی فیدراسیۆن**

**دەشتی جەمال ژمارەی موبایل(07856032991) بورهان فەتاح بەژمارەی (07929010257) وجاسم غفور بەژمارەی(07929010257)**

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk